# شەونم

هۆنراوەی (64)

شراب تلخ می خواهم که مردافکن بود زورش

وەرە و لەو ئاوە تاڵەی بمدەیە وا کەڵ دەخا زۆری
هەتا ئاسودە بم تاوێ لە دنیایە و شەڕ و شۆری
بەفێڵە ئاسمان ساقی بە سێ ژەم مەی ئەمینم کە
لە چەنگی زوهرە و کەیوان و میرریخی سەلەحشۆری
لەسەر سفرەی زەمان شیرینی ئاسایش پەیا ناکەی
تەماع و کینە تاڵی و شۆری یە هیممەت کە بیشۆری
کەمەندی راوی بارامی فڕێ دە و دەس دە جامی مەی
گەڕاوم گشتی ئەو دەشتە چ بارامم نەدی و گۆڕی
بە دڵخۆشکردنی رووت و فەقیران گەورە کەم نابێ
سولەیمان شابوو لوتفی بوو لەگەڵ مووری وەکوو مۆری
وەرە تا رازی ژینت پێ نیشان دەم لەوشەرابەیدا
بەشەرتێکی نەدرکێنی قسان لای لات و ناجۆری
برۆی وێنەی کەوانی گەرچی ناکا بێدڵی حافز
بەڵام هەر پێکەنینی دێ بە دەست و باسکی بێ زۆری

**حافزی حەقیقی**